www.kurdistannet.org
29-1-2003 22:33

# کێ تاوانباره، ئافرەت یان پیاو یان ڕێکخراوەکانی ئافرەتان یان کۆمەڵگە. . ؟

بەناز کوێستانی
banaz@maktoob.com

نازانم سەرەتای ئەم نووسینە بەچی دەست پێ بکەمو چ وشەیەك بکەم بەدەستپێك، بەتایبەتیش کە زۆربەی نووسینەکانم تایبەتە بەکاروبارو خواستو ئامانجو کێشەو ئازارو خۆشیو ناخۆشییەکانی ئافرەتانی کورد، کەئەمەش ڕەنگە کارێکی ئەستەم بێ چونکە زۆر جار ڕۆژنامەو گۆڤارەکان خۆیان یاخود لاپەڕەیەکیان تەرخانکردووە بۆ ئەم کێشەیە، بەڵام هیچ دەستکەوتێکی وایان نەبووە کەکاریگەری بکاتە سەر ڕەوتی ژنانو بەرەو ژیانێکی مەدەنیەتو شارستانیو دابینکردنی مافەکانیان بەرێت.

ـ زۆر جار باس لەلێدانو بەکارهێنانی توندوتیژیمان بەرامبەر بەئافرەتان کردووە، بەڵام نەکەس خۆی کردووە بەساحێبو نەکەسیش گوێی لێ گرتووینو نەهیچ ئافرەتێکیش سکاڵانامەی لەدژی ئەم کارە نامرۆڤانەیە بەرز کردۆتەوەو نەدەزگاو ڕێکخراوەکانی ئافرەتانیش.... .

ـ زۆرمان باسی تیرۆرو ڕەشەکوژی ئافرەتان کرد، ناو ژمارەی چەندەها ئافرەتی تیرۆرو ئەتك کراومان لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان بڵاوکرایەوە، بەڵام هیچ دەزگایەکی مافی مرۆڤو هیچ ڕێکخراوێك خۆی نەکرد بەلێپرسراو داکۆکی کەر لەم بێ مافیو تیرۆرو ڕەشەکوژییە، دیارترین بەڵگەش، لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، دووخوشك لەشەقامی شەستی فرێدران کەیەکێکیان مردو ئەوی دیان خۆشبەختانە بۆ نەهامەتیەکانی ژیان مایەوەو هیچ دەزگایەکی مافی مرۆڤیش بەوەزارەتیشەوە لەوەزعیان نەپرسی، پاش ماوەیەکی زۆر ئینجا تاوانبارانی دەستگیر کران، خێزانەکەش زۆر بەدبەختانە سەری خۆیان هەڵگرتو کەسایەتیو خێزانی خۆیان شوێن بزر کرد. . سەرەرای ئەوەی کەلەماوەی دووساڵی ڕابردوو خوشکێکی تریان هەر بەهەمان شێوە لەناو چوو.

ـ تائێستاش بڕیاری (٥٩) سەبارەت بەدووژنە لەدادگادا پەیڕەو ناکرێو هەر ئافرەتەو بەخواستی خۆی دەچێتە دادگاو، پیاوانی خێزاندار بەهاوسەری خۆیان هەڵ دەبژێرنو سەر لەخۆیانو خێزانێکیش تێك دەدەن... ئەمە سەرەرای جەخت کردنەوەی بەرێز مام جەلالو ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لەسەر جێ بەجێکردنی ئەم بڕیارە لەدادگاو دەزگا حکومیە ڕەسمیەکاندا، بەڵام بڵێین چی دەسەڵات لای ئێمە نییە، کە ئەم جۆرە ئافرەتو پیاوانە بەو شێوازە بیر دەکەنەوەو ڕەفتار دەکەن...

ـ زۆریش باس لەخیانەتی پیاوان کرا بەرامبەر بەهاوسەرەکانیانو درۆکردنو هەڵخەڵەتاندنیانو.... بەڵام چی لەو ئافرەتە ناوشیارانە بکەین، سەرەرای هەموو ئەوشتانەی سەرەوە بەدوو قسەی خۆشی مێردەکانیان ڕازی دەبنەوەو بڕواو متمانەیان پێ دەبەخشنەوە.... بەڵام ئەگەر ئافرەتەکە ئەو کارانەی سەرەوە بکات ئەوا سێ بەسێ تەڵاقی دەدەن، ئەمە ئەگەر گۆشاو گۆش سەری نەبڕن، یاخود نەیکوژنو شوێن بزری نەکەن...

ـ زۆر جاریش لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان باس لەکەم تەرخەمی ڕێکخراوەکانی ئافرەتانو ژنان کراوە، بەڵام نووسین چی پێ دەکرێ... کەرێکخراوەکان خۆیان لەئاستی لێپرسراوەتی نەبنو هەریەکەیان پاشکۆی حزبێك بنو بەدەنگو سەدای حزبەکانیانەوە بنازن... ئەمە سەرەرای ئەوەی کەلەناوخۆشیاندا ناکۆکنو حزبی وا هەیە دوو ڕێکخراوی ئافرەتانی هەیە. . کەئەمە وەزعی خۆیان بێ چۆن دەپەرژێنە سەر کێشەو ئازارو خەمەکانی ئافرەتانی کوردو......

ئەمانەی سەرەوە کاروانچی ڕێبازی مەدەنیەتو پێشکەوتنی ئافرەتان بێ لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا، ئیدی دەبێ لەگۆشەو ڕوپەڕی ڕۆژنامەکانەوە چیمان پێ بکرێتو چی بنووسین، کەژمارەیەکی زۆری ئافرەتان نەخوێندەوارنو تەنها نەخبەیەکی کەمیش دەخوێنێتەوە... چی بەئێمەی ژنانی خاوەن قەڵەم دەکرێ، کەژمارەمان دوو ئەوەندەی ژمارەی پەنجەکانی دەستمانە....

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣